# دەربارەی نیکی[1]

ئەفلاتون

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد



سۆکرات



ئەفلاتون

٣٧٦ **سۆکرات:** ئایا نیکی قابیلی فێربوونە؟ ئەگەر نا، ئایا پیاوەکان بە سروشتیان چاك دەبن، یان بە ڕێگایەکی تر؟

b **برادەر:** سۆکرات، ناتوانم یەکسەر ئێستا وەڵامت بدەمەوە.

**سۆکرات:** باشە، ئێستا با لێی ورد ببینەوە. پێم بڵێ ئەگەر یەکێك بیەوێت نیکی چێشتکەرێکی شارەزا فێر ببێت، چی دەکات؟

**برادەر:** بێگومان لە چێشتکەرە چاکەکانەوە فێری دەبێت.

**سۆکرات:** باشە. ئێستا ئەگەر بیەوێت ببێت بە دکتۆرێکی چاك، بۆ لای کێ دەچێت بۆ ئەوەی ببێت بە دکتۆرێکی چاك؟

**برادەر:** گومانی تیا نیە، بۆ لای یەکێك لە دکتۆرە چاکەکان.

c **سۆکرات:** ئەی ئەگەر بیەوێت ئەو نیکییە فێرببێت کە بیناسازی شارەزا هەیەتی؟

**برادەر:** دەچێت بۆ لای یەکێك لە بیناسازە چاکەکان.

**سۆکرات:** ئەی ئەگەر بیەوێت ئەو نیکییەی هەبێت کەوا لە پیاو دەکات داناو چاك بێت، دەبێت بۆ کوێ بچێت بۆ ئەوەی فێری ببێت؟

**برادەر:** ئەم نیکییەشیان، ئەگەر بتوانرێت فێر بکرێت، پێموایە دەبێت لە پیاوانی چاکەوە فێری ببێت. کوێی تر هەیە؟

**سۆکرات:** کەواتە پێم بڵێ، پیاوانی چاکی شارەکەمان کێ بوون؟ با لەوە ورد ببینەوە ئەگەر ئەوانە ئەو کەسانە بن کە پیاوەکان چاك دەکەن.

d **برادەر:** سوسیدیدیس*، تیمۆستۆکلێس*، ئەریستیدێس*، هەروەها پێریکلێسیش*.

**سۆکرات:** ئایا دەتوانین ناوی مامۆستایەك بۆ هەر یەکێك لەوانە بهێنین؟

**برادەر:** نا، ناتوانین، من کەسم نەبیستووە.

**سۆکرات:** باشە، کەواتە ئایا دەتوانین ناوی قوتابییەك بهێنین، چ بیانی بێت یان هاوشاری، یان هەر کەسێکی تر، ئازاد بێت یان کۆیلە، کە شۆرەتی بەوە دەرکردبێت کە بە هاوکاری ئەو پیاوانە بووە بە دانا؟

**برادەر:** کەسی وام نەبیستووە.

**سۆکرات:** بڵێی ئەوانە هێندە پیسکە بن کە نیکییەکەی خۆیان نەدەن بە کەسی تر؟

**برادەر:** لەوانەیە.

**سۆکرات:** وەك چۆن چێشتکەر و دکتۆر و بیناسازەکان پیسکەن، بۆ ئەوەی کەس کێبڕکێیان نەکات. چونکە سودی ئەوانی تیا نیە کێبڕکێکەریان زۆر بێت یان لەگەڵ گەلێك پسپۆڕی تری هاوشێوەی خۆیاندا بژین. بە هەمان شێوەش بۆ پیاوچاکان باش نیە لە نێوانی پیاوانی وەك خۆیاندا بژین؟

**برادەر:** دەشێت.

**سۆکرات:** ئایا ئەوان بەقەدەر ئەوەی چاکن، دادپەروەریش نین؟

**برادەر:** با.

**سۆکرات:** ئایا سودمەندە بۆ کەسێك لە نێوانی چاکاندا نەژی، بەڵکو لە نێوانی پیاوخراپاندا؟

**برادەر:** بڵێم چی.

**سۆکرات:** باشە، دەتوانیت ئەمەم پێ بڵێیت، ئایا کاری پیاوچاکان ئەوەیە زیان بگەیەنن، پیاوخراپانیش سود ببەخشن، یان بە پێچەوانەوە؟

**برادەر:** بە پێچەوانەوە.

٣٧٧ **سۆکرات:** کەواتە چاك سود دەبەخشێت و خراپیش زیان دەگەیەنێت.

**برادەر:** بەڵێ.

**سۆکرات:** ئایا کەس هەیە بیەوێت زیانی پێبگات، نەك سود وەربگرێت؟

**برادەر:** بێگومان نا.

**سۆکرات:** بۆیە کەس نایەوێت لە ناو خراپەکاندا

بژی، نەك پیاوچاکان؟

**برادەر:** ئەمە ڕاستە.

**سۆکرات:** بۆیە هیچ چاکێك هێندە پیسکە نابێت کە نەیەوێت یەکێکی تر چاك بکات و وای لێبکات هاوشێوەی خۆی بێت.

**برادەر:** بە پێی ئەو ئارگیومێنتە*، نەخێر.

سۆکرات: بیستوتە کلیفانتۆس کوڕی تیمیستۆکلێس بووە؟

**برادەر:** ئەمەم بیستووە.

**سۆکرات:** ئایا گومان لەوەدا هەیە کە تیمیستۆکلێس پێی خۆش بووە کوڕەکەی ببێت بە باشترین کەس، کە تیمیستۆکلێس پیاوێك بووە کەپێی خۆش بووە هەموو کەسێك وەك خۆی بێت، دیارە ئەگەر بە ڕاستی چاك بووبێت، وەك دەشزانین، وەها بووە.

b **برادەر:** بەڵێ.

**سۆکرات:** زانیوتە کە تیمیستۆکلیس کوڕەکەی خۆی فێرکردووە ببێت بە ئەسپسوارێکی شارەزا – توانیویەتی بەسەرەوخواری سواری ئەسپەکەی ببێت، لە شوێنی خۆیەوە ڕم بهاوێژێت، گەلێك کاری دیکەی لێهاتووانە بکات – باوکی فێری کردووە بۆ ئەوەی بیکات بە شارەزا لە گەلێك شتی تریشدا، کە پێویستییان بە مامۆستای چاك هەیە. ئەمەت لە پیرەکان نەبیستووە؟

**برادەر:** بیستومە.

c سۆکرات: کەواتە کەس ناتوانێت ڕەخنە لە توانا سروشتییەکانی کوڕەکەی بگرێت و بڵێت خراپن.

برادەر: ڕەخنەی ڕاست نا، لانیکەم لەوانەدا کە تۆ دەیڵێیت.

**سۆکرات:** ئەی ئەمە چۆن؟ ئایا هەرگیز بیستونە کەسێك – لاو یان پیر – بڵێت کە کلیۆفانتۆسی کوڕی تیمیستۆکلێس، بە هەمان شێوەی باوکی دانا و چاك بووە؟

**برادەر:** هەرگیز.

**سۆکرات:** ئایا کەواتە گریمانە بکەین کە ئەو ویستوویەتی ئەو شتانە فێری کوڕەکەی بکات، بەڵام نەیویستووە وای لێبکات لەو داناییەدا کە خۆی هەیبووە، لە هەر یەکێك لە دراوسێکانی باشتر بێت، ئەگەر بە ڕاستی بتوانرێت نیکی فێر بکرێت؟

d **برادەر:** لەوە ناچێت.

**سۆکرات:** هێشتاش ئەو هەر ئەو جۆرە مامۆستایەیە کە تۆ پێشنیارت کرد. بەڵام با لە پیاوێکی تر ورد ببینەوە، ئەریستیدێس، کە لیسیماخۆسی پەروەردە کردووە. ئەو باشترین ڕۆشنبیریی ئەسینایی داوە بە کوڕەکەی، لەو مەسەلانەدا کە پێویستییان بە مامۆستا هەیە، بەڵام ئەو وای لێ نەکردووە لە هیچ کەسێکی تر باشتر بێت. هەریەکە لە منیش و لە تۆش ئەمە دەزانین. چونکە ئێمە کاتێکمان لەگەڵیدا بەسەر بردووە.

**برادەر:** بەڵێ.

**سۆکرات:** هەروەها دەشزانیت کە پێریکلێسیش، کوڕەکانی پارالوس و گزانتیپۆسی گەورە کردووە –لە ڕاستیدا، وابزانم تۆ لەگەڵ یەکێکیاندا پەیوەندی خۆشەویستیت هەبووە، وەك خۆشت دەزانیت، ئەو فێری

e سوارچاکی کردوون – ئەوانیش وەکو هەر ئەسینایییەکی تر چاك بوون – لە هونەرە لیراڵەکان، گەمەکانی هێز و زۆران، پەروەردەی کردوون بۆ ئەوەی لە هەر شارەزاییەکدا کە بۆ هەریەکێکیان مامۆستا هەیە، وەکو هەر یەکێکی تر چاك بن، کەچی هێشتا نەیویستبێت بیانکات بە پیاوی چاك؟

**برادەر:** بەڵام سۆکرات، ڕەنگە وایان لێ دەربچوایە، ئەگەر بە لاوی نەمردنایە.

**سۆکرات:** دەتەوێت یاریدەی هاوڕێ لاوەکەت بدەیت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی باشە. بەڵام ئەگەر نیکییەکان قابیلی فێرکردن بوونایە، ئەگەر

بشیایە پیاو چاك بكرێت، بێشك پێریكلیس كوڕەكانی خۆی وا لێدەكرد لە نیكییەكانی خۆیدا كارامە بن، نەك لە هونەرە لیبرالەكان یان

٣٧٨ گەمەكانی هێز و زۆراندا، بەڵام وادیارنین قابیلی فێركردن بن، سیۆسیدیدێسیش بە هەمانشێوە، دوو كوڕی گەورە كردووە، میلیسیاس و ستێفانۆس، تۆش ناتوانیت ئەو شتانەی دەربارەی پێریكلێس وتت، دەربارەی ئەوانیش بیڵێیت، چونكە تۆ دەزانیت یەكێكیان تا پیری و كامڵبوون ژیاوەو ئەوەی تریشیان زۆر لەو بە تەمەنتر بووە. لە راستیدا باوكیان چاكی فێركردوون، بە تایبەتی بۆ ئەوەی ببن بە باشترین زۆرانبازی ئەسینا. یەكێكیانی ناردە لای گزانتیاس و ئەوەی تریشیان بۆ لای یودۆرۆس، ئایا ئەوان بە باشترین زۆرانبازی ئەو ڕۆژە دانەدەنران؟

**برادەر:** بەڵێ.

b **سۆكرات:** كەواتە ڕوونە كە ئەو كوڕەكانی خۆی فێری ئەو شتە كرد كە پارەی تێدا سەرف كردووە، لە كاتێكدا دەیتوانی بێ سەرفكردنی هیچ شتێك چاكیان بكات – ئایا فێری نەدەكردن كە چاك بن، ئەگەر ئەوە قابیلی فێركردن بوایە؟

**برادەر:** پێدەچێت وابێت.

**سۆكرات:** بەڵام ڕەنگە سیوسیدیدیس كەسێكی ئاسایی بووبێت و لەناو ئەسینایییەكان و هاوپەیمانەكانیاندا هاوڕێی زۆر نەبووبێت؟ نەخێر وا نیە، ئەو سەر بە یەكێك لە خێزانە مەزنەكان بوو، لە توانایدا هەبوو لێرە لە ئەسینا و شارەكانی دیكەی یۆنانیشدا، شتی مەزن بكات. بۆیە ئەگەر بتوانرایە

c نیكی فێر بكرێت، كەسێكی دەدۆزییەوە – چ كەسێكی ناوخۆ یان لە دەرەوە – كە بیتوانیایە كوڕەكانی چاك بكات، ئەگەر خۆی لەبەر كاروباری سیاسی كاتی نەبوایە. نا، هاوڕێم، وادیارە كە نیكی ناتوانرێت فێر بكرێت.

**برادەر:** نا، دەگونجێن نەكرێت.

سۆكرات: باشە، كەواتە، ئەگەر نیكی قابیلی فێركردن نەبێت، ئایا پیاوەكان بە سروشتیان چاكن؟ ئەگەر بەم ڕێگایەی خوارەوە ئەمە تاقی بكەینەوە، لەوانەیە بۆمان دەربكەوێت. ئێستا، ئایا ئێمە پێمان وایە كە ئەسپ سروشتێكی تایبەتی هەیە؟

**برادەر:** هەیانە.

d **سۆكرات:** ئەی ئایا پیاوی وا نیە كە شارەزایی وایان هەیە كە بە هۆیەوە سروشتی ئەسپی چاك دەزانن، ئەوانەی كە لە ڕووی جەستەییەوە بە كەڵكی پێشبڕكێ دێن و چوست و چالاكن یان خاو و خلیچكن؟

**برادەر:** بەڵێ.

سۆكرات: كەواتە شارەزاییەكە چیە؟ چ ناوێكی هەیە؟

**برادەر:** ئەسپەوانی.

سۆكرات: بە هەمانشێوەش بۆ سەگی ڕاو، ئایا هیچ شارەزاییەك هەیە كە بە هۆیەوە پیاو بتوانێت سەگەكان هەڵبسەنگێنێت و سروشتی چاك و خراپی سەگەكان بزانێت؟

**برادەر:** هەیە.

**سۆكرات:** ئەوە چیە؟

**برادەر:** ڕاوچێتی

سۆكرات: ئەی دەربارەی زێڕ و زیو؟ ئایا ئێمە پێمانوایە كە پارەگۆڕەرەوەی وا هەن كە بە سەیركردن پارەی چاك لە هی خراپ جیا دەكاتەوە؟

e **برادەر:** هەن.

**سۆكرات:** چییان پێدەڵێیت؟

**برادەر:** پارەناس.

**سۆكرات:** دیسان كەشتیوانی كارامە دەزانێت كام خەسڵەتانەی جەستەی مرۆڤ چاكن یان خراپن بۆ هەریەكە لە پێشهاتەكان، هەروەها لە ناو پیر و لاوەكاندا كامیان قابیلی گەشەپێدانن، لەو شوێنەدا كە ئومێدی زۆریان بەوەیە كە لەوەدا سەركەوتوو بن كە

جەستەیان دەتوانێت بە باشی جێبەجێی بکات.

**برادەر:** ئەمە ڕاستە.

٣٧٩ سۆکرات: کام لەوانە زۆرتر گرنگە بۆ شارەکان: ئەسپی چاك, سەگی چاك, وە هەروەها, یان پیاوی چاك؟

**برادەر:** پیاوی چاك.

**سۆکرات:** پێتوانیە ئەگەر پیاوان بە نەژاد خەسڵەتی چاکیان هەبێت بۆ نیکیی, خەڵکی ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ ناسینیان؟

**برادەر:** زۆر دەشێت.

**سۆکرات:** ئێستا, ئایا دەتوانیت پێم بڵێیت, کام شارەزاییە تەرخانەو دەتوانێت داوەریی چۆنێتی سروشتییانەی پیاوانی چاك بکات؟

**برادەر:** نا, ناتوانم.

**سۆکرات:** ئەمەش, شتێکی زۆر مەزن دەبێت بۆ ئەوانەی دەتوانن ببنە

b خاوەنی, چونکە ئەوانە دەتوانن پیشانمان بدەن, کام لە لاوان, لە کاتێکدا کە هێشتا منالْن, چاك دەردەچن. ئەوانە دەهێنین و لە ناو ئەکرۆپۆلیسدا• وەکو موڵکایەتی گشتی, پاسەوانییان لێدەکەین, هەر وەکو زیو, بەڵکو وریاتریش دەبین, بۆ ئەوەی بە هۆی جەنگ یان هەر مەترسییەکی ترەوە, هیچ ئازارێکیان پێنەگات. ئەوانە پاشەکەوت دەکرێن بۆ ئەو کاتەی دەگەنە تەمەنی سودبەخشین.

بەڵام لە ڕاستیدا دەوێرم بڵێم کە نە بە سروشت و نە بە فێرکردن مرۆڤەکان نیك نابن.

c **برادەر:** کەواتە سۆکرات, تۆ دەڵێیت ئەوانە چۆن نیك دەبن, ئەگەر نە بە سروشت و نە بە فێرکردن نەبێت؟ ئەی بە چ شێوەیەکی تر دەتوانن باش بن؟

**سۆکرات:** پێموانیە ڕوونکردنەوەی ئەمە زۆر ئاسان بێت, هەرچۆنێك بێت, بۆچوونی من ئەوەیە کە خاوەندارێتیکردنی نیکی, دیارییەکی زۆر یەزدانییە, مرۆڤەکان نیك دەبن وەك چۆن پەیامبەر و خاوەن پەرجووەکان وان, چونکە دەبن بەو شتەی کە نە بە سروشت و نە بە فێربوون پێی دەگەن: لە تویێ سروشتی خوداوەندەوە دەبن بەوەی کە هەن, بە

d هەمانشێوە پیاوچاکان بە شارەکانیان ڕادەگەیەنن کە سەرەنجامی ڕوداوەکان چییە و چی ڕوودەدات, باشتر و ڕوونتر لە حیکایەتخوانە ناسراوەکان. پێموایە تەنانەت ژنانیش دەڵێن ئەم جۆرە پیاوانە یەزدانین. سپارتەییەکانیش کاتێك پیاوێك دەخەنە پایەیەکی بڵندەوە, دەڵێن پیاوێکی یەزدانییە. زۆرجار هۆمیریش ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنێت, وەك چۆن شاعیرانی تریش وا دەکەن. لە ڕاستیدا هەرکاتێك خوداوەندێك هیوا دەخوازێت شارێك چاك سەرکەوتوو بێت, پیاوانی چاك دەخاتە ناوی, بۆ ئەوەی هەر شارێکیش نوشوستی بێنێت, خوداوەند پیاوچاکانی لێدەستێنێتەوە. بۆیە دیارە کە نیکی نە سروشتیە و نە قابیلی فێرکردنیشە, بەڵکو بە هۆی تەرخانکردنی یەزدانییەوە دەگاتە ئەو کەسەی کە هەیەتی.

### پەراوێزەکان

[١] نیکی virtue بە یۆنانی دێرین پێی دەوترێت ئارێتێ arete ئەوپەڕی چاکی, حاڵەتی بونەوەری مردە کە خۆی لە خۆیدا شایستەی ستایش کردنە, ئەو حاڵەتەیە کە ئەگەر یەکێك هەیبێت بە چاك دادەنرێت, چاودێریی دادپەروەرانەی یاساکان, ئەو خەسڵەتەی کە تێیدا ئەو کەسەی چاکە بەو پەڕی نایاب دادەنرێت, ئەو حاڵەتەی کە دڵسۆزی بۆ یاساکان بەرهەم دەهێنێت. وشەی نیکی و گەردانەکانی (نیك, نیکبوون..) وشەگەلێکی ئاڤێستایی ڕەسەنن.

• سوسیدیدیس Thucydides (circa ٤٦٠-c. ٤٠٠ bc) مێژوونوسێکی یۆنانییە, بە کتێبی مێژووی جەنگی

پیلۆپۆنیشیانەوە ناسراوە, کە کیشەیەکە خۆی بەشدارییەکی گرنگی تێدا کردووە. ئەم کتێبە شۆرەتی یەکێك لە گەورەمێژوونوسانی جیهانی دێرینی پێداوە. شێوازە بابەتییەکەی لە نوسیندا, بووەتە جێگەی بایەخدانی مێژوونوسە یۆنانی – رۆمانەکان, وەك پۆلیبیۆس و کاسیۆس. سوسیدیدیس لە نزیکی ئەسینا لە دایك بووەو کوڕی یەکێك لە ئەریستۆکراتە ئەسیناییەکان بووە. لە ساڵی ٤٣١ ی پێش زاییندا, جەنگی پیلۆپۆنیشیان لە نێوانی ئەسیناو سپارتەدا هەڵگیرساو ئەم بە چەندان پیلان و نەخشەی کاریگەر بەشداریی کردووە. لە ساڵی ٤٢٤ دا کرا بە یەکێك لەو ژەنراڵانەی کە سەرکردایەتی کشانەوەی یۆنانییەکانیان کرد, لە کەنارەکانی تراخیا, بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەوەی لە کاتی پێویستدا بگاتە جێ و بەرگری لە ئەمفیپۆلیس بکات, پێش گەیشتنی ئەوان براسیداسی ژەنراڵی سپارتەیی داگیری کردبوو. لەبەر ئەو سەرنەکەوتنە دوورخرایەوەو نزیکەی بیست ساڵ لە تاراوگە مایەوە. لە دەوروبەری ٤٠٤ ی پێش زاییندا, لە تاراوگە هێنرایەوە. کتێبە گەورەکەی دەربارەی جەنگی پیلۆپۆنیشیان, باس لە سێ قۆناغی ئەو جەنگە دەکات: کێشەی نێوانی ئەسیناو سپارتە (٤٣١ بۆ ٤٢١), کە بە کێشەی نیکیاس کۆتایی دێت, واتە هەڵمەتی سیسلییەکان بۆ سەر ئەسیناییەکان (٤١٥ بۆ ٤١٣) و لە هەڵمەتەکەیاندا نوشوستییان هێنا, پاشان سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی جەنگ لە نێوانی ئەسیناو سپارتەدا (٤١٣ بۆ ٤٠٤). ئەم بەشەیان تەواو نەکراوەو لە ساڵی ٤١١ دا ڕاوەستاوە.

• **تیمیستۆکلێس** (BC?٥٢٧?-٤٦٠) **Themistocles**

جەنراڵ و سیاسەتمەدارێکی ئەسیناییە, لە جەنگی سالامیسدا, سەرکردایەتی پاشەکشێکردنی هێزە دەریاییەکانی ئەسینای کردووە. لە جەنگی ماراسۆنیشدا, بەشدارییکردووە. ئەریستیدێس کێبارێکی بەهێزی سیمیستۆکلیس بوو, لە ساڵی ٤٨٣دا, سیمیستۆکلیس دەیبەزێنێت و کۆنترۆڵی سیاسەتی ئەسینا دەگرێتە دەستی خۆی و هاوکارانی خۆی قایل دەکات بە بنیاتنانی ئوستوڵێکی بەهێز. بستبووی زیراکسێسی پادشای فارس خۆی بۆ جەنگێکی تر ساز دەدات. خەڵکی ئەسینا پەنایان بردە بەر پەرستگای دیلفی و ئەویش وەڵامی دانەوە پێویستە بە دار دیوارێك بۆ ئەسینا دروست بکەن. سیمیستۆکلیس وەڵامەکەی وا لێکدایەوە مەبەستی لە دروستکردنی پاپۆڕو کەشتییەو کارەکەی راپەڕاند. لە کۆتاییەکانی ژیانیدا, وردە وردە جەماوەرێتیی لە دەستدا, لوتبەرزی و بەفیزیی ئەریستیدێس توڕەیی و بێزاریی لە دەرونی دانیشتواندا چاندبوو. لە ساڵی ٤٧١ی پێش زاییندا دووری دەخەنەوەو ئەرگۆس جێی دەگرێتەوە. ئەم پیاوە سیاسەتمەدارێکی بەهرەمەند و بە توانا بوو, سیاسەتێکی تۆکمەی هەبوو لە بەڕێوەبردنی هێزی دەریاییدا, کە سەرەنجام بووە هۆی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ئەسینا. یەکەمین کەسە بیری لە بە کۆڵۆنیکردنی خۆراوا کردبێتەوە, هەروەها هانی بازرگانیی داوەو بازرگانیی بیانیشی بانگهێشت کردووە بۆ ئەسینا.

• **ئەریستیدیس** (bc ?٥٣٠?-٤٦٨) Aristides پێی دەوترێت ئەریستیدێسی دادپەروەر. ژەنراڵ و سیاسەتمەدارێکی ئەسیناییە. یەکێکە لە دە سەرکردەکەی یۆنان لە جەنگی ماراسۆندا لە ساڵی ٤٩٠ ی پێش زاییندا. لەو شەڕەدا یۆنانییەکان فارسەکانیان بەزاند کە بە سەرکردایەتی داریوشی یەکەم هاتبوون. لە ساڵی ٤٨٣ دا, ئەریستیدێس لە ئەسینا وەدەرنرا, چونکە ماوەیەکی زۆر کێشەی لەگەڵ تیمیستۆکلیسدا هەبووە, لەسەر ئەو سیاسەتەی کە تیمیستۆکلیس لە کەشتیگەلدا بەکاری دەهێنا. دوای سێ ساڵ, کاتێك فارسەکان بە سەرکردایەتی زیراکسی یەکەم یۆنانیان داگیر کرد, لە تاراوگە بانگ کرایەوە. لە ساڵی ٤٧٩ دا لە جەنگی پلاتێدا بەسەر فارسەکاندا زاڵ بوو. ساڵی دواتریش بەشداریکرد لە پێکهێنانی کۆنفیدراسۆنی دەوڵەتشارەکانی یۆناندا, کە بە بەرەی دیلۆن ناسرا. ئیتر هەتا مردن وەك سەرکردە مایەوە.

• **پێریکلیس** (BC ?٤٩٥? -٤٢٩) **Pericles**

سیاسەتمەدارێکی ئەسینایی بوو, کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مێژووی ئەسینا جێهێشتووە, بە رادەیەك ئەو سەردەمەی لە دەسەڵاتدا بووە, بەسەردەمی پێرکلیسی ناو دەبرێت. پێرکلیس کوڕی گزانتیپی سەرکردەی سوپا بووە, دوو مامۆستا کاریگەرییان لەسەری هەبووە: دیمۆنی ئەسینایی, سۆفیستێکی شارەزای مۆسیقا بوو, ئەناکساگۆراسی فەیلەسوفی ئایۆنیی؟ بە درێژایی ژیانی

پیاوێکی بە ویقارو دوورە پەرێز بووە. زمانپاراو, سەرڕاست, زرنگ و نیشتمانپەروەر بوو, هاوشارییەکان خۆشییان دەویست. سۆفۆکلیسی درامانوس و هیرۆدۆتی مێژوو نوس و فیدیاسی پەیکەرتاش و پرۆتاگۆراسی سۆفیست, هاوڕێی نزیکی بوون. پێرکلیس ئەسینابییەکانی هاندەدا بەشداریی لە فەرمانڕەواییدا بکەن. لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا, کرێ و مووچەی داهێنا. لە ماوەی سەرکردایەتییکردنی ئەم پیاوەدا ئەسینا بوو بە سێنتەرێکی گەورەی ئەدەب و هونەر. لە جەنگی پیلۆپۆنیشیاندا . سالّی ٤٣١ی پێش زایین, پێرکلیس خەڵکی ئەسیناو دەوربەرەکەی لە دیوی ناوەوەی شوراکانی شاردا کۆکردەوە, بەمەش ڕێ بۆ دوژمنان خۆش بوو کە هەرێمەکانی دەرەوەی شار تالاّن بکەن. سالّی دواتر نەهامەتییەکی گەورە بەسەر شاری قەرەباڵەغ و سیخناخی ئەسینادا هات, خەڵکی تووشی نەخۆشیی بوون و رقیان لە پێرکلیس هەستاو بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّت, لەسەر کار لایاندا و دادگاییان کرد, بەلاّم دواتر گەڕاندیانەوە شوێنی خۆی و زۆری پێنەچوو, بە کارەساتێکی ناخۆش مرد.

• **ئارگیومێنت** argument گەرچی دەتوانین لە زمانی کوردیدا وشەی مشتومڕ بەرامبەری ئەم زاراوەیە دابنێین و تا رادەیەکی زۆریش ماناکە دەپێکێت, لە زۆر شوێنیشدا وامان کردووە. وەلیّ ئەم زاراوەیە لە ئاخاوتن و دانوساندنە فەلسەفییەکاندا زۆر دوبارە دەبێتەوە, بۆیە جێی خۆیەتی وشەکە بێتە ناو زمانەکەمانەوەو خوێنەری کورد پێی ئاشنا ببێت, بە تایبەتی لەم دواییەدا کە هەندێك لە نوسەرانیش وەکو خۆی بەکاری دەهێننەوە. لە زمانی فەلسەفەدا زاراوەکە مانایەکی بەرینی هەیە, بەلاّم دەتوانرێت بوترێت کە لە زمانی فەلسەفەدا زاراوەکە بۆ دەربڕینێك یان تێزێکی لۆجیکییانە بەکاردەهێنرێت کە دەرەنجامێکیشی لەگەڵدایە, واتە بیرکردنەوەو ئاخاوتنێکی عەقلاّنییانە کە لە پێشەکییەکەوە یان چەند پێشەکییەکەوە دەستپێدەکات و دەگاتە پێشکەشکردنی بەڵگەو دەستاوێژ بۆ دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو یان چاوەڕوان نەکراو.

• **ئەکرۆپۆلیس** **Acropolis** (Greek *akros,*”highest”; *polis,*”city”), زاراوەیەکە لەیۆنانی دێریندا بەکار هاتوە بۆ ئەو قەلاّیەی کەبەشێوەیەکی سروشتی تۆکمەو قاییمە. بەشێوەیەکی سەرەتاییش بەکارهاتووە بۆ کۆشکی پەناهەندەو هانا. ئەکرۆپۆلۆسی نمونەیی لەسەر گردێك یان بەرزاییەك بینا دەکرا, کەلەچاو ناوچەکانی دەوروپشتیدا زۆر لێژ بوایە., چونکە ئەمە دەبووە هۆی پاراستنی. بەزۆریی ناوچەی تەنیشتی ئەکرۆپۆلیس دەبوو بەشارێك. یەکێکی تریش لەو ئەکرۆپۆلیسانە, ئەکرۆکۆرنیس لە کۆرنیسی کامییای سێەسە.

**سەرچاوە:**

The complete work of Plato
On virtue
Translated to English by:
Mark Reuter
Edited, wutg Introduction by
Johm M. Cooper
١٩٩٧ pp ١٦٩٤-١٦٩٨